وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

**بەیانی**

**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦ و ٧) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو ، بڕیارماندا بە:-

١-کردنەوەی شارەوانی نوێ لە سنووری (تووە سپی) سەر بە پارێزگای سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٨٠٧ لە ٢٠٢٢/١/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێنانەکایەی گوندی پیران مقلوب**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ، و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٩١٠) لە ٢٠٢١/١١/١ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**پیران مقلوب**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنووری ناحیەی زیلکان/قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک بە رووبەری (١٨٢ دۆنم و ٢٣ ئۆلک و ٩٩ م٢) سەد و هەشتا و دوو دۆنم و بیست و سێ ئۆلک و نەوەد و نۆ مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١) لە کەرتی ٧٠/پیران مقلوب/ شێخان) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**